# مۆريتانيا :نەوت و عەسكەر

**و/ هێمن مەحمود**

**کۆمپانیا پەترۆڵە جیهانیەکان زۆر بەوردی چاودێری ئەنجامەکانی ئەو کودەتا سەربازییە دەکەن کە لەمۆریتانیا ڕویدا و وەهای کرد کە حکومەتەکەی سەرۆك** (معاوية ولد الطايع) **بڕوخێنرێت و لەبری ئەو عەقید** (محمد ولد عبدالعزيز) **بێتە سەر حوکم .**

**دیارە ئەم گرنگیپێدانەش لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبونی چالاکی هەندێك لە کۆمپانیا ئاسیاویی و ئەوروپی و ئەمریکیەکان لەم چەند ساڵەی ڕابوردودا لە ناوچە دەریایی و زەمینیەکانی ئەو ولاَتەدا .**

**واش چاوەڕواندەکرێت کە لەچارەکی یەکەمی ساڵی** 2006 **دا لە کێڵگەی** (جنغويتى) **لە ناوچەی** (قارى) **مۆریتانی کە دەکەوێتە زەریای ئەتڵەسیەوە دەست بکرێت بە دەرهێنانی پەترۆڵ بە توانای** (75)**هەزار بەرمیلی ڕۆژانە .**

**ئەمەش لەلایەن کۆمپانیای** ( وودسايد بتروليوم )**ی ئوستراليەوە ئەنجام دەدرێت کە پشکەکەی** ( 47٪ ) **وە بەهاوکاری هەردوو کۆمپانیا ئوستورالی** ( هاردمن ريسورز 19٪ ) **و** (رووك اويل 3٪ ) **و هەردوو کۆمپانیای** ( بى جى غروب 10٪ ) **و (** بريمير اويل 8٪ ) **ی بەریتانی و کۆمپانیایی حکومی مۆریتانی** (بروجيكيت جنغويتى 12٪ ) .

**ئەم کێڵگەیش** ( 150 ) **ملیون بەرمیل پەترۆڵ ئیحتیاتی هەیە و بڕی** ( 625 ) **ملیون دۆلار بۆ گەشەپێدانی تێچوە .**

**لەلایەن خۆیەوە کۆمپانیایی** ( ووسايد بتروليوم) **ڕایگەیاند کودەتاکە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر کارەکانی و هەموو فەرمانبەرو کرێکارەکانی سەلامەتن و هیچ زیانێکیان پێنەگشتوە .**

**بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکەش لە هەر چوار کێڵگەی** (جنغويتى) **پەترۆڵی و(** باندای) **گازی و** (تيوف فى )**و (** تيفى فى ) **دایە .**

**شایانی باسە کۆمپانیا نەوتیەکانی لەم ماوەیەی دوایدا گرنگیەکی بەرچاو دەدەن بە ناوچە سەحراویەکانی مۆریتانیا کە ناوچەی (** تاودينى ) **دەگرێتەوە و ڕوبەرەکەی نزیکەی** ( 500) **هەزار کیلۆمەتر چوارگەشەیە .**

**وەزارەتی پەترۆڵی مۆریتانیاش کە لە** ( **ئازار** ) **ی ڕابوردودا دامەزراوە لەو ناوچەدا ئیمتیازی داوە بە کۆمپانیای** ( توتال ) **ی فەرەنسی و کۆمپانیای پەترۆڵی نیشتمانی چین و کۆمپانیا ی** ( بركة – وودسايد )**ی ئوستورالی .**

**ئەمە جگە لەوەی کە گفتوگۆی لەگەڵ کۆمپانیای** ( ريبسول ) **ی ئیسپانیدا کردوە کە داوای کردوە لەو ناوچەیەدا ئیمتیازی پێبدرێت .**

**هەروەها بەهەمان شێوەش گفتوگۆی لەگەڵ کۆمپانیای** ( شل )**ی هۆڵەندی و** ( سينوبيك) **ی چینی و** (

تبروبراس ) **ی بەرازیلی و** ( شیفرۆن )**ی ئەمریکیشدا ئەنجامدراوە**.

**لەلایەکی ترەوە کۆمپانیاکان لەوە دەترسن کە سەرۆکی لە کارلابراو** ( معاوية ولد الطايع ) **کە بەوە ناسراوە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەهێزە و ئیسرائیل داناوە ،ڕکابەرایەتی دەسەڵاتی تازەبکات و لەڕێگای چەند بڕیارێکی نێودەوڵەتیە و هەرێمایەتیەوە ئابڵوقە بخاتە سەر ئەو دەسەڵاتە و ئەمەش بێتە هۆی پەکخستنی گفتۆگۆکانیان لەگەڵ حکومەتی تازەدا .**

**سەرچاوە**/ الحياة 8/5